# کـــوردەخـــان

**عادل شاسواری**

١

**غاندی بە شۆڕشگێڕانی**
**ئازادیخوازی هیندی وت :**
**- ئەمە سەرەتای شۆڕشە ،**
**بەرایی ئەزموونێکی نوێی ژیانمانە ..**
**ئەی گەلی من**
**ئازادیی یا نانتان دەوێ ؟!**
**هوردووی ڕا پەڕیوی شۆڕش**
**هاواری کرد :**
**- هەردووکیان ..**
**هەم ئازادی و هەم نان بۆ ژیان .**
**- لەم دەقەری ئەنگوستەچاوەی هیوادا**
**یان نان دەبێت یا ئازادی .**
**پاش تێڕامان دەنگ هاتە گۆ :**
**- بەس ئازادی !**

٢

**ماتابانی ئاسمانی ئاشتی کوردستان ،**
**بارانی تریفە کۆدەکا ..**
**زریانی شەڕ ،**
**کالآی شومی دەچنێتەوەو**
**ئەلبومی خۆی**
**لە هەڵەفەی مێژوو دەدا ..**
**شەڕ ! بەرەو هەوارگەی ئاشتی**
**سەنگەری خۆی تەسلیم دەکات ..**
**ئۆخەی بۆ ژینێك دەخوازێ**
**ئەگەر داری ئازادی**
**بێ خوێن ئاو نەدرێ**
**یا داری ئاشتی**
**بێ خوێن بەر بگرێ .. !**

٣

نه وشه ما ..

نه پەڕەش چیتر توانای ما ..

بێته میوانی دەربەندی زام ..

بێته میوانی ئەو مێژەی

دانوستان ناناسیٚ ..

ئەو قەڵەمەی خەندە نازانیٚ ..

ئەو دەڤەرەی نەعرەتەی سەنگ نەبیٚ

هیچ نابیستیٚ ..

ئەو ڕۆخانەی

رۆحەکانی بیٚ جەستەو

جەستەکانی بیٚ ڕۆحن ..

ئەو شوێن گاهەی

( نەریٚ ) کان لەخۆ دەگریٚ

( نه ژیان نه مەرگ )

بژی وەك کورد ..

نه ژینێك لێی ببی ڕازی ،

نه مەرگێکیش بتکا ڕزگار .

نێوانی مەرگ و ژیان = مێژووی گەلی کوردستان !!

٣

دیرۆکی هەڵەفەی حەسرەتی

کام دەربەندە دە پشکنی !

گشت تان و پۆی عەقڵی چیاو

ناکۆکی نێوان خێزانە ،

تەم تومانی شەڕی رەشی

بۆ چنیووین ..

ئاکامی هەوڵی ژیانی

نوگرۆی شیوی مەرگ کردووین ..

هەر لەڕووخانی قەڵای دمدم و

ئه پارتمانەکانی مێژووی مادەوە

تا ڕمانی ئەمارەتەکانی

بابان و سۆران ،

ئاخۆ چەند نالی

( خاك و خۆڵ )ی شیعریان

جێ هێڵابێت و
چامەی سەفەریان نووسیبێ !؟
یان نسکۆی شۆڕشی
شێخانی بەردەقارەمان و
سەعیدی پیران
یان کەوتنی نیمکەتی کۆماری قازی !
خامە بەخوێنی گیانی خۆی
نەخشی کامە زام بکات و
بەقەدی باریکەلەی ژێ ئاسای
کام تۆفانی سەمفۆنیا بژەنێ و
پەڕە بەسنگی خوێنینی
کام گۆبەندی ئەم وڵاتە زامدارە
هێڵ کێش کات ..
بیرمەندی ئەم دەڤەری
هەنسك و حەسرەتەش
پرچی کام زەمەن شانەکاو
گیانی کام زەمین شاد بکات ؟!



هێندەی فیشەکی تێسکەکان
کۆرپەی چاوگەشی کوردستان
بێ ناز کەوتوون .
هێندەی پرژەی
هوردووی شەڕی براکوژی
چاوگەی عیشق و
کارێزی برایەتی وشك بوون .
هێندەی ناسۆری
دا پیرە جگەرسوتاوەکانی ئەنفال
دارو گەنمی کوردستان خنکان .
هێندەی چیاو کەژی جوان
منداڵ و زارۆکی بێ گوناه
لەبرسان تینووی مەرگن

بۆن دێ ..
له وڵاتی کوردەوه ،
ئەو وڵاتەی لەیەك چرکەدا
پێنج جار دڵی لێ دەدا ..
بۆن دێ ..
ئەو وڵاتەی لەیەك چرکەدا
پێنج جار چوارمێخه دەکێشرێت ..
بۆن دێ ..
بۆنی هوردووی شەڕی شووم دێ ..
لەو وڵاتەوه
کەبازوو دەسەڵاتدارەو
بیری حیوار وچان دەدات
بۆن دێ ..
لەو وڵاتەوه
که دەستی هەبوو
چەپڵه لێ دەدات
که چەکی هەبوو
تەقه دەکات
دەنگی خومپارەو
بۆنی خوێن و
بۆ پرۆزی گۆشت و ئێسقان دێ ..
( بۆن ) دەنگ و سەدا به ڕۆح دەدا
تا چەپڵەو چەك
ئاهەنگی وڵاتم بگێڕن
قەت گۆبەندم نابێته گۆڤەند !

٦

بێ باسەکەم
کوردستانه بێ کەسەکەم
داردەسەکەم
شوێن گاهی ڕەوانی پاکی هەژاران ،
قەتلگاهی پەیکەری خرج و خامان .
چەشەی ژانی
بێ نانی نەژادی کەیل ،
میراتگری من و تۆو ئەو ،

ئەی پەژموردەی ئەوە بۆ تۆو
ئەوە بۆ من ،
ئەوەشیان مایەوە بۆ ئەو ..!
خاکی خومار .. هەسوونە زێڕینەی برسی ..
ئەسپی سەرکەشی ڕێی سەحەر
ماندوو شەکەت
شل و شێواو بۆ کوێ دەڕۆی ؟
مەگەر تۆش بارکەیت و بڕۆی
جا تێر دەبی !
ئەگینَ هەروا بێ هوەیدا
چاوەڕێ بێ ،
فانۆسی تەلاری گوڵ بی ..
هێمن ، هێمن
لەڕو لاوازو سیس دەبی ،
لەبێ نەوتیا دەکوژێیتەوە ،
ڕۆژێ دەبێ چۆڕبڕبی !
کریستاڵی بەڵقیسیش بی ،
مادام ژیانت لێرەبێ و
هەناسەشت لە هەندەران .
ڕۆژێ دادێت ..
ڕووناکیت دەبێتە خەزان ..
پایزیشت هەر مەرگ و ژان ..
لەوەش زیاتر :
ئەسپی حاتەمی تائی بی
ڕۆژێك دەبێ
بەبرسیەتی .. بەبێ دڵسۆز
بەتەنهایی
خاو .. خاو دەمری !

٧

ئێمە کوردی
دەڤەری حەسرەت و ژانین ..
ئێمە نسکۆی
خەمێکی درێژکراوەی
مێژووی خۆمانین ..

ئێمە ئەتڵەسی
جوگرافیای زامین ..
ئێمە سۆناتای
سەمفونیای خەمین ..
ئیمە موسافیرێکی
ناوزیلی عەرعەرین
ئێمە هێندە بێکەسین
خۆڵە پۆکە
لە بری خاکی ئارداوی دەخۆین ..
خۆری ئەم ولآتی ئێمە
وەکو نانی تەنوور هەڵدێ ..
ئاسمانیشمان وەکو سفرەی ماڵی پاشا
رازاوەیە بە ئەستێرەی ئازادی گەش ..
بەلآم برسین !

٨

کوردستانی ئێمە
ئەسپێکی کەحێلی جەنگە ..
( ٢٤ ) کاژێر شەڕ بکات
تێر خۆین نابێت ..
ماندوو نابێت..
ئەسپی ئێمە
پشتی پان نیە
وەك هی خەڵکی،
یەك شت ئەگرێ
یان نان یاخود ئازادی !

٩

ئەسپی کوردستانی ئێمە
چەندان ساڵە ژان تەی ئەکا ..
چەندان ژانە ساڵ کۆئەکا..
چەندان ساڵە خەم بارئەکا..
مێژوو ئەڵێ:
هۆلاکۆ هێشتا منداڵ بوو

جەنگیز خان پیٚ ی نەگرتبوو
هیتلەر لە ناو رەورەوا بوو
کوردستانی من رەخش بوو
ئەوا تا ئیٚستا ریٚ دەبڕیٚ
ئەوا تا ئیٚستا هەر دەفڕیٚ..
کە چی لە جیٚ ی خۆی نابزویٚ..!

١٠

ئیٚمە لەنیٚو کۆشی ئاسمانی کوردستان
قەت ناخوازین هۆلاکۆ بین،
جەنگیزخانی پیٚ گرتووبین..
هیتلەری عەرشی نازی بین،
ئاوا تمانە
هۆلاکۆکان زوو بنەون،
جەنگیزەکان هەر پیٚ نەگرن،
لە چنگی رەشی نازیەکان
رزگار بین..
ئیٚمە داغان بووین..
هیلاك وشەمزاین..
ئیٚمە برسی نانی فیکرین
نانی هەلٚویٚست و مامەلٚەین..
ئیٚمە برسی
بەس نانی خڕی تەنوور نین،
ئیٚمە برسی خوانی مامەلٚەی جیهانین،
ئیٚمە برسی
قەوارەی بوونی خۆمانین..!

adilshaswary2000@yahoo.com